# کۆرپە ساوایان لە

**تەکنەلۆژیـــای دیجیتاڵی هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، ســـاوایانیش لەم جیهانە پڕ لە خزمەتگوزارییە بەشـــی خۆیـــان بەرکەوتووە. لێرەدا ئاماژە بە چەندین تەکنەلۆژیای تایبەت بە جیهانی ســـاوایان دەکەین.**

## ئامێری Safe tosleep :breathing monitor

زۆربـــەی دایك و باوکان لەکاتی خەودا نیگەرانی هەناســـە و پشـــووی ســـاواکانیانن. ئەو ئامێرە چاودێری هەناسەلێدانی منداڵ دەکات، ئامێرەکە وەك مۆبایلێك لەســـەر سەری منداڵەکە رادەگیردرێت و رێژەی هەناسە لێدانی کۆرپە کۆنترۆڵ دەکات.






## ئامێری Oma +:

ئەو ئامێرە وەك چاودێرێك بۆ کۆرپەی ساوا سەیر دەکرێت کە دەتوانێت جوڵەکانی منداڵ تۆما ربکات و رێژەی بەخەبەر بوون و خەوی منداڵەکە هەڵبســـەنگێنێ. ئەو کاتانەی کە منداڵەکە لە خەو رادەبێت، بە ئاهەنگێکی خۆش کە هەم منداڵەکە حەزی لێـــدەکا و هەم دایکی منداڵەکە هۆشـــیار دەکاتەوە، منداڵەکە دەلاوێنێتەوە.



# جیهانی دیجیتاڵدا

**هێشـــتاش ڕەنگە لە گوندەکان و تەنانەت لە شارەکانیش لانك و دەسرازە هەرمابێ و هێشتاش دایکان بە لایەلایە منداڵەکانیان بخەوێنن، بەڵام پێدەچێت جیهانی تەکنەلۆژیا بۆ ماوەی چەند ساڵی دیکە شوێنی ئەوانە بگرێتەوە، هەرچەندە لە زۆربەی وڵاتانیش ئامێری تایبەت بە منداڵانی ساوا شوێنی لانك و دەسرازەی گرتۆتەوە.**

## ئامێری Owlet Baby monitor:



لەسەرەتادا وا هەســت دەکرێت ئەو ئامێرە گۆڕەوییەکی نوێیە، بــەڵام لە راســتیدا هەرواشــە و گۆڕەوییەکــی تەکنەلۆژییە بۆ کۆنترۆڵی هێماکانی تەندروســتی کۆرپە. ئەو ئەرکانەی ئامێرەکە ئەنجامیان دەدا ئەوانەن، کۆنترۆڵی جوڵەی کۆرپە، گەرمی و تای لەش، لێدانی دڵ. ئاماژە بکرێت، ئەو ئامێرە بەهۆی بلوتوسەوە بە مۆبایلێکی هۆشمەند پەیوەند دەدرێت.

## ئامێری Peeko Monitor:

ئەم ئامێرەش وەك جلوبەرگ لەبەر منداڵ دەکرێت بەهۆی ئەو هەســتەوەرانەی کــە تێیدایە زانیاری و هێماکانــی تەندروســتی ساواکە نیشان بۆ دایك و باوکی منداڵەکە راپۆرت دەکات.



## Babysense Movement Monitor:

ئەو ئامێرەش بــەو هەســتەوەرانەی تێیدایە جوڵەی منداڵەکە تۆمار دەکات، هەستەوەرەکان بەم جۆرە ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن هەناسە لێدانی منداڵەکە دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە، گەر لە ماوەی 20 چرکەدا هەســتی بە هەناســەلێدانی منداڵەکە نەکرد دەست دەکات بە لێدانی جەرەســی ئاگادار کردنەوە.



## ئامێری Sound monitor & Angelcare movement:




ئەم ئامێرەش وەك ئامێرەکانی دیکە بۆ چاودێری جوڵەی کۆرپەیــە، ئامێرەکە خۆی مۆنیتۆرێکــی تایبەتی هەیە کە لەسەر شاشــەکە زانیارییە پێویســتییەکان دەبیندرێن. تەنانەت لە تاریکی شەویشدا بەهۆی ڕووناکییەکی کەمەوە زانیارییەکان دەبیندرێن.





# وێستگەی شەحنكردنەوەی گەڕۆكی هەتاوی

سالی رابردوو، كاتێك كە گەردەلوولی "سەندی" نیویۆركی گرتەوە، دانیشتوانی شار بەهۆی نەبوونی كارەباوە شەحنی مۆبایلەكانیـــان دابەزی و جگە لـــەوەی رووناكی و ئاویان نەبوو لە خزمەتگوزاریی مۆبایلیش بێ بەش بوون. هەربۆیە پسپۆرانی بواری تەكنەلۆژیای نوێ لە كۆمپانیای AT&T بیریان لە رێگا چارەیەكی دیكە كردەوە كە لەكاتێكی ئاوادا وزەی خـــۆر بەكار بهێنرێـــت. كۆمپانیایەك بەناوی Pensa وێســـتگەیەكی شـــەحنكردنەوەی چێكرد كە لە وزەی خۆر ســـوود وەردەگرێت، ناوی پرۆژەكە نرا بـــارگاوی كردن لە شەقام.

لەو وێســـتگانەدا كە لە زۆربەی شەقامەكانی نیویۆرك دانراون، دەكرێت ئەو ئامێرە تەكنەلۆژییانەی كە پێویستیان بە شەحنكردنەوەیە وەك مۆبایل، لاپتۆپ، كامێرا..تاد بەبێ بەرامبەر شـــەحن بكرێنەوە. وێســـتگەكان جگە لەوەی كە دەتوانن شەحن بكەنەوە، وەك سەرچاوەیەكی رووناكیش سەیر دەكرێن و سیستەمی وای –فایش بڵاو دەكەنەوە.




## سایتێك بۆ جیاكردنەوەی وێنە لە باكگراوەند



یەكێك لـــە ئەركە دژوارەكانی دیزاینەر و ئەوانـــەی كاری گرافیكـــی دەكـــەن جیاكردنـــەوەی وێنەیـــە لـــە باكگراوەند، بەتایبەتی گەر باكگراوەندەكە لە چەندین رەنگ پێكهاتبێت، راســـتە بە فۆتۆشۆپ ئەو ئەركە ئەنجـــام دەدرێت، بەڵام هەموو كەس شارەزای فۆتۆشـــۆپ نییە، بەڵام سایتێك بۆ ئەم مەبەســـتە دانراوە كە بە ئاســـانی وێنەكە لـــە باكگراوەندەكە جیا دەكاتەوە.

سایتی http://clippingmagic.com بۆ ئەو مەبەســـتە دانراوە، سەرەتا ســـایتەكە دەكەیەوە، پاشان ئەو وێنەی كە مەبەستتە لە سایتەكەدا ئەپەلۆد دەكەیت، ئەپەلۆد كردنی وێنە زۆر ئاسانە هەر ئەوەندە بەسە كە لەسەر دوگمەی choose file كلیك بكەیت و وێنەكەتان هەڵبژێریت و یان بە شـــێوازێكی دیكە وێنەكەت بە ماوس راكێشـــە بۆ نـــاو بۆكســـی drag and drop image here. پاش ئەوەی كە وێنەكە بەتـــەواوی ئەپەلۆد بوو، دەبێ بە ســـایتەكە بڵێیت كام بەش بسڕێتەوەو كام بەش نەســـڕێتەوە، ئەویش بە دیاریكردنی دوو رەنگی سەوزو سوور. زۆر بە ئاسانی بەشێك لە وێنەكە بە رەنگی سەوز دیاری بكە و باكگراوەندەكەش بە رەنگی ســـوور دیاری بكە. ئیدی پرۆگرامەكە كارەكانی ئۆتۆماتیكـــی جێبەجـــێ دەكات. دوای تەواو بوونی كارەكـــە دەكرێت فایلەكە بە فۆرماتی PNG داونلۆد بكەیت.




# فەیسبووك و دیزاینی دوو سمارت فۆن

فەیسبووك كە گەورەرین تۆڕی كۆمەڵایەتی بێت، مۆبایلیش گشـــتگیرترین ئامێری دیجیتالییە، ئـــەو دووانە پەیوەندییەكی نزیكیان هەیە، هەربۆیە كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی مۆبایل بەر لەهەموو ئەپلكەیشنێك، ئەپلكەیشینی فەیسبووك دادەنێن. لەم دواییەدا دوو مۆبایلی هۆشـــمەند واتە سمارت فۆنی تایبەت بە فەیســـبووك دیزاین كراون و ئەگەر پەسەند بكرێن رەنگە بە فرەیی بەرهەم بێن. سمارت فۆنی یەكەم كە بە Blue experience ناســـراوە، سایزەكەی 17.5 لە 5.5 سم دایە. بەهۆی ئەو ســـایزەوە بەكارهێنەر بەئاســـانی دەتوانێت كار لەســـەر فەیسبووك بكات، چوارچێوەكەی لە ئەلەمینیۆم چێكراوە، رەنگ شین جوانییەكی تایبەتی بە مۆبایلە هۆشمەندەكە بەخشیوە. دوگمەی Home كە بە شێوەی Like دانداروە بۆ فەیسبووك زۆر گونجاوە.

ســـمارت فۆنی دووەم كە بـــە Blue experience2 ناســـراوە، لەگەڵ سمارت فۆنی یەكەم جیاوازی هەیە، لە راســـتیدا ئەو مۆبایلە هۆشمەندە بەشێوەی سلایدە. دوو دوگمەی Like و دوگمەی instagram لەسەر مۆبایلەكە هەیە.



# فلاش میمۆرییەک به کۆد قفڵ دەدرێت






بێگومان لەو تەکنەلۆژییانەی کە ئەرکیان هەڵگرتن و راگواستنی داتا دیجیتالییەکانە، فلاش میمۆری بەهۆی قەبارەی بچووکی و هەڵگرتن و راگواستنی داتایەکی زۆر لە ریزی یەکەمدا دێت. رەنگە داهاتووی ئامێری خەزنکردن و هەڵگرتنیش داتاکانیش هەر فلاش میمۆری دەستنیشانی بکات، بەهۆی ئەوەی کە فلاش میمۆرییەکان قەوارەیان بچووکە رەنگە ونبوونیشیان ئاسانتر بێت لە ئامێرێکی وەك هاردی پورتێبڵ، گەر ون بێت یان بدزرێت ئەوە زۆر بە سانایی داتاکانی ناوەوەی جا وێنە یان فیلم یان دۆکیۆمێنتێکی زۆر گرنگ بێت دەکەوێتە دەست ئەوانەی دەیدزن یا دەیبیننەوە.

بەم دواییە فلاش میمۆرییەك بەرهەم هاتووە کە دەکرێت بەهۆی ئەو دوگمانەی لەسەرییەتی کۆدی لەسەر دابندرێت، فلاش میمۆرییەکە لە ئاست تۆز و خۆڵ و ئاودا خۆراگرە و تەنانەت بوارە ئەمنییەتییەکەی لەلایەن پۆلیسی فیدراڵی ئەمەریکاشەوە پەسەند کراوە.

بۆ کردنەوەی فلاش میمۆرییەکە پێویستە کۆدێکی 7 هەتا 15 ژمارەیی لێبدەی. ئەگەر کۆدەکەت لەبیر بچێتەوە دەتوانی Reset بکەیەوە، بەڵام لەبیرت بێت بەم کارە گشت داتاکانی ناوەوەی دەسڕێنەوە، ئەگەر کۆدەکەش 10 جار بە هەڵە لێبدەی دیسان هەر ئەمە روو دەدات.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە ماوەیەکە لاپتۆپەکەم خێراییەکەی دابەزیوە، هەر لە خۆیەوەش دەکوژێتەوە ئایا ئەمە ڤایرۆسە یان هۆکاری دیکەیە؟

خوێنەری بەڕێز رەنگە هەموو هۆکارێکی سستی یان تێکچوونی لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری سەرمێز پەیوەندی بە ڤایرۆسەوە نەبێت، ناڵێم ڤایرۆس کاری تێکدەرانە ناکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر کردارێك بەسەر کۆمپیوتەردا بێت سووچەکەی بخرێتە ملی ڤایرۆس.

هۆکاری کوژانەوەی لەخۆیەوەی لاپتۆپ یان کۆمپیوتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە CPU یان پرۆسیسەر گەرم دادێت، گەرمداهاتنەکە بەهۆی ئەوەیە کە فەنەکە وەك پێویست کار ناکات، یان کێشەیەك لە رامی لاپتۆپەکەدا هەیە جا یان شل بووە یان وەك پێویست کار ناکات، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لاپتۆپەکە بکوژێنەوە، گەر خۆت شارەزاییت هەیە ئەوە باشە ئەگینا بەیەکێکی شارەزا پشتەوەی لاپتۆپەکە بکەوەو و تۆز و خۆڵ و کە دەوربەری فەنەکەی گرتووە پاك بکەوە. بە ئەنتی ڤایرۆسێکی باشیش سکانی بکە.

# مۆبایلی پەنجەوانە

گەر لەم هەرێمەی ئێمەدا گەرمای تاقەت پروکێن هەبێت،ئەوا لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی وڵاتانی ئەسکەندەناڤی، سەرمایەکی ئەوەندە بەهێز هەیە کە مرۆڤ تاقەتی ئەوەی نییە وەڵامی مۆبایلەکەشی بداتەوە. هەربۆیە دیزاینەرێکی تەکنەلۆژیای نوێ کە بەریتانییە پەنجەوانەیەکی بەرهەم هێناوە کە شوێنی مۆبایلی گرتۆتەوە و دەکرێت بەهۆیەوە پەیوەندی بکرێت. پەنجەوانەی "شان مایلەز" کە بە پرۆژەی "بە پەنجەکانت بدوێ" ناسراوە لەگەڵ گشت مۆبایلێك بەهۆی بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێن و لەنێو پەنجەوانەکەدا بڵندگۆیەك لە پەنجەی گەورە و مایکرۆفۆنێکیش لە پەنجەی بچووك داندراوە. پەنجەوانەکە بە دوو رەنگی پەمەیی و قاوەیی بەرهەم هاتوون.

